# له كه‌ناری پڕبووندا.. لێم رژاو خاڵی بوومه‌وه




ئاوێزان نوری

awezan_n@yahoo.com


(پێشكه‌شه به‌و كچه ئه‌نفالكراوانه‌ی فرۆشرانه وڵاتانی عه‌ره‌بی)

دایكه گیان..

مه‌پرسه چی ده‌كه‌م و له كوێم

مه‌پرسه خواردنم چیه‌و چۆن ده‌خه‌وم

بپرسه بۆ منیان بردو.. له كوێ هه‌راجیان كردم

من ئه‌وه‌تام له پشت ئاوێنه شكاوه‌كانی ئه‌ودیو

خه‌ریك كۆ كردنه‌وه‌ی جه‌سته‌ی خۆمم له نێو پارچه‌كاندا

من ئه‌وه‌تام

له نێو باوه‌شی دڕنده‌كانی ئه‌و دۆڵ

خه‌ریك ده‌ركدنی ددان و چڕنوكه تیژه‌كانم

له مه‌مك و گه‌ردنمدا

من ئه‌وه‌تام

خه‌ریكی خڕكردنه‌وه‌ی تاڵه مووه‌كانی پرچه‌كه‌مم

كه له نێو چنگی ئه‌واندا به‌جێما

من ئه‌وه‌تام

خه‌ریك نوسینه‌وه‌ی یاداشتنامه‌ی خۆمم

له نێو مه‌لهه‌كاندا

ئه‌وه‌تام ئه‌وه‌تا

خه‌ریك كڕینه‌وه‌ی ئابرووی خۆمم

که بەهەرزان فرۆشرا

چونکە ئەمێستا من خاڵیم

خاڵیی لە مرۆڤایەتی

خاڵیی لە گەمەی چاوشارکێ

خاڵیی لە خۆم

خاڵیی خاڵیی

خاڵییتر لەو وشەیەو..

کاڵتر لە بوون

لەو کاتەوەی بردمیان و فرۆشتمیان

لە بناری بێ ئەمەکیو نامۆییدا

زۆر چاوەڕێی بابم کرد بێ بماتەوە

وتیان کاتێ غیرەتیان دایە دەم کەڵبەکانی نوگرە سەلمانەوە

واژوی حاشاکردنیان پێ کرد

لەو پێکەی

بۆ دروست بوونی تۆ هەڵیدا

زۆر چاوەڕێی برام کرد بێ لەسەرم بکاتەوە

وتیان کاتێ بەرگی کەرامەتیان لەبەرتدا دادڕی و..

ئەویشیان دەرخواردنی دێوجامەکانی بیابان کرد

حاشای لە خوشکایەتیت کرد

زۆر چاوەڕێی وڵاتم کرد بێ بمباتەوە

وتیان کاتێ تۆ بوویت بەشایەتحاڵی خەباتەکەی

پێویستی بە جەستە رووتەکەی تۆ نەماو..

هەزارانی وەك تۆشی ئەتك کردووە

زۆر چاوەڕێی خودام کرد بێ دەستم بگرێو بمباتەوە

وتیان کاتێ سورەتی ئەنفالی بەیان کرد

تاوانی کەنیزەی بە رۆحتا هەڵواسی

ناڵە نزاکانی تۆش دایکە گیان

ناگەنە من

تا پەلم راکێشێ و بێ بمباتەوە

گریانەکانی تۆش دایکە گیان

بەشی ئەوە ناكەن

خۆمی پێ بشۆمەوە

من رۆیشتم و..

كەس بانگی لێ نەكردم

من مردم و كەس لە پرسەكەم دانەنیشت

بۆیە لێم رژاو خاڵیی بوومەوە

خاڵیی خاڵیی

خاڵیی لە هەموو شتێك و..

پڕ پڕیش لە هیچ

كەركوك2006/4/14

http://www.dengekan.com/nwseran/awezanNwri.htm